

# راپۆرتی چالاکیەکان

## عێراق 2024

ICRC

راپۆرت




Mike Khalaf/ICRC

# هەلومەرجی ئۆپەراسیۆن

کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور، کە لە دەسپێکی جەنگی نێوان ئێران و عێراق لە ساڵی 1980وە لە عێراقدا ئامادەیی هەیە، کاردەکات بۆ بەدەمەوەچوونی لێکەوتە مرۆییەکانی ناکۆکیە چەکداریەکان و دۆخەکانی دیکەی توندوتیژی لە سەرانسەری وڵاتدا. لە کاتێکدا ئۆپەراسیۆنە سەربازییە بەرفراوانەکان کۆتاییان پێهاتوە گرنگی زیاتر دراوە بە گەیاندنی زانیاری، هەوڵەکانی بوژاندنەوە و ئاوەدانکردنەوە؛ لە کاتێکدا خەڵکێکی زۆر لە سەرانسەری عێراقدا هێشتا پێویستیان بە کۆمەک و پشتگیری مرۆیی هەیە.


وەک بەشێك لە ئۆپەراسیۆن و چالاکیەکانی لە وڵاتدا، نێردەی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور لە عێراقدا هەوڵ دەدات دڵنیابێت لەوەی کە:

- **ئەو کەسانەی لە ئازادی بێبەش کراون**، سوودمەند دەبن لە هەلومەرجی ژیانی گونجاو، لە دەستوێڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاریەکان و پارێزگاری لێیان لەدژی مامەڵەی ناپەسەند. هەروەها جێوشوێنیان ئاشکران.
- سۆراخکردنی **کەسانی بێ سەروشوێن** ئەنجام دراوە، شوناس و چارەنووسیان یەکلایی کراوەتەوە، هەروەها خێزانە بێدەرەتانەکانی کەسە بێ سەروشوێنەکان توانستیان باشتر دەکەن بۆ روبەڕوبوونەوەیان لەگەڵ مەینەتیەکانی پەیوەست بە بێ سەروشوێنی کەسە نزیکەکانیانەوە.
- مافی ئەو **لێقەوماوانەی کە توشی توندوتیژی نوێ دەبنەوە** لەڕوی پارێزگاریکردن و دەسوێڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان، رێزیان لێگیراوە، ئەمەش لە دەرئەنجامی هەوڵەکانی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور و هاوبەشەکانی بزوتنەوەی مانگی سوور/خاچی سوورەوە.
- **ئەو کەسانەی کە خاوەن پێداویستی تایبەتن**، دەتوانن دەستیان بگات بەو بەرنامە و خزمەتگوزاریانەی کە یارمەتیان دەدات تواناى تەواویان لە کۆمەڵگادا بەدەست بهێنن.
- توانستە دامەزراوەیی و ئۆپەراسیۆنەکانی **مانگی سووری عێراقی** بۆ وەڵامدانەوەی پێویستیە سەرهەڵدراوەکان بەهێزتر بوون لە ئەنجامی پشتگیری هەماهەنگکراو لەلایەن کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور و هاوبەشەکانی بزوتنەوەی خاچی سوور/مانگی سوورەوە.

بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، نێردەی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور بەشداری کرد لە گفتوگۆکان لەگەڵ دەسەڵات، لایەنە پەیوەندارەکان و دانیشتوانی زیانلێکەوتوو، هەروەها بە هاوبەشی لە نێو و دەرەوەی بزوتنەوەی (مانگی سوور/خاچی سوور) کاری کرد بۆ زێدەکردنی کاریگەری و پەیوەستی کارەکانی.

لە ساڵی 2024دا، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور بەردەوامی دا بە کاروچالاکیەکانی بۆ دڵنیابوونەوە و دەستەبەرکردنی پارێزگاریکردن و کۆمەکی مرۆیی بۆ لێقەوماوانی ناکۆکیە چەکداریەکان و دۆخەکانی دیکەی توندوتیژی لە عێراقدا. هەروەها هەوڵی داوە رێگری لە ئازارچەشتن بکات لەرێی بەرەوپێش بردن و بەهێزکردنی یاسای مرۆیی و بنەما مرۆییە جیهانیەکان. زۆرێک لە کاروچالاکیەکانمان بە هەماهەنگی و هاوکاری نزیک لەگەڵ کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقیدا ئەنجامدرا.

کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور، وەک رێکخراوێکی بێ لایەن و سەربەخۆ، بەپێی ئەرک و راسپێری خۆی کاردەکات، کە سەرچاوەی گرتوە لە رێککەوتننامەکانی جنێڤی ساڵی 1949 و پرۆتۆکۆڵە زیادکراوەکانی، و پەیڕەونامەی بزوتنەوەی خاچی سوور و مانگی سووری نێودەوڵەتی هەروەها بڕیارنامەکانی کۆنفرانسە نێودەوڵەتیەکانی خاچی سوور و مانگی سوور. وەک رێکخراوێکی جیاوازی نەکەر و سەربەخۆ، جەخت دەخاتەسەر مسۆگەرکردنی پارێزگاریکردن و کۆمەکی مرۆیی بۆ لێقەوماوانی جەنگ و دۆخەکانی دیکەی توندوتیژی. هەروەها کاردەکات بۆ بەدەمەوەچوونی حاڵەتە فریاگوزاریەکان، لە هەمان کاتدا، رێزگرتنی یاسای مرۆیی نێونەتەوەیی و جێبەجێکردنی لە یاسای نیشتمانیدا بەرەوپێش دەبات.



Mike Khalaf/ICRC

# ئەو کەسانەی لە ئازادی بێبەشکراون

کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور سوورە لەسەر پابەندبوونەکانی لە راگرتنی مافەکان و کەرامەتی دەستبەسەرکراوان لە عێراقدا، ئەمەش لەژێر رۆشنایی پرەنسیپەکانی یاسای مرۆیی نێونەتەوەیی. لەرێی سەردانە بەردەوامەکانمان کە بەوپەڕی رێز لە نهێنی و تایبەتمەندێتیانەوە ئەنجام دەدرێن، هەوڵ دەدەین دەرفەتی گفتوگۆی کراوە و دوولایەنە لەگەڵ دەسەڵاتی گرتوخانەکان فەراهەم بکەین، بە مەبەستی دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی هەر نیگەرانیەکی مرۆیی کە دەشێت سەرهەڵبدات. لەرێی کاری چاوپێکەوتن لەگەڵ دەستبەسەرکراواندا، هەوڵ دەدەین دڵنیابین لەوەی کە مافە بنەڕەتیەکانیان پارێزراوە، لەوانەش دەستوێڕاگەیشتن بە پرۆسەی دادوەری دادپەروەرانە و هەلومەرجی گونجاوی ژینکردن.

سەرەرای ئەوەش، ئێمە لە نزیکەوە کار دەکەین لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندارەکان کە بەشدارن لە پرۆسەی دەستبەسەرکردندا، کە ئەمەش دەبێتە برەودان بە کارنامە و چوارچێوە یاساییەکان بە ئامانجی پاراستنی ماف و خۆشگوزەرانی دەستبەسەرکراوان.

هەروەها هەوڵ دەدەین ئازارەکانی خێزانەکانیان کەم بکەینەوە، بە تایبەتی لەرێی گەڕاندنەوەی پەیوەندیی نێوان دەستبەسەرکراوان و کەسوکاریان لەرێی نامەکانی خاچی سوورەوە.

## سەردانی گرتوخانەکان

- ئەنجامدانی **69** سەردان بۆ **36** گرتوخانە، کە زیاتر لە **64,466** دەستبەسەرکراو تێیاندا گلدراونەتەوە.
- زیاتر لە **7,200** دەستبەسەرکراو لەلایەن نێردراوانی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوورەوە بەدواداچوونی تاک کەسیان بۆکرا.
- زیاتر لە **4,400** نامەی خاچی سوور لە دەستبەسەرکراوان وەرگیرا و کۆکرایەوە و زیاتر لە **4,100** نامە بەسەریاندا دابەشکرا. هەروەها زیاتر لە **400** سەلامات (نامەی زارەکی بۆ ئەندامانی خێزان) لە بەرژەوەندی دەستبەسەرە سەردانکراوەکان ئاڵوگۆڕکرا.

## چاودرێری تەندروستی لە گرتوخانەکاندا

- **47,000** دەستبەسەرکراو باشتر دەستیان گەیشت بە چاودێری تەندروستی لەرێی پشتگیری تەکنیکی و بەخشینی ئامێری پزیشکی بۆ **14** دامەزراوەی گرتوخانە لە سەرانسەری عێراقدا.
- پشتگیری تەکنیکی و راو سەرنج بە بەشی تازە دامەزراوی خزمەتگوزاری تەندروستی لە گرتوخانەکانی سەربە وەزارەتی تەندروستی پێشکەش کرا.

## ئاو و پاکوخاوێنی لە گرتوخانەکاندا

- **9,500** دەستبەسەرکراو دەستوێڕاگەیشتنیان بە ئاو، ئاوەڕۆ و و پاکوخاوێنی باشتر بوو، کە ئەمەش بووە هۆی باشترکردنی بارودۆخی ژیانیان، پێشخستنی ژینگەیەکی تەندروستتر، هەروەها دڵنیابوون لە پابەندبوون بە ستانداردەکانی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور و لە هەمان کاتدا یارمەتیدانی دەسەڵاتی گرتوخانەکان لە کۆنترۆڵکردنی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی.

## کۆمەکی ئابوری لە گرتوخانەکاندا

- **40,682** دەستبەسەرکراو سوودمەندبوون لە کۆمەکی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور، ئەمەش بە وەرگرتنی کەلوپەلی پاکژی، جل و بەرگ و پێخەف، بەمەبەستی باشترکردنی بارودۆخی ژیان و دڵنیابوون لە دەستوێڕاگەیشتن بە پاکوخاوێنی سەرەتایی سەلامەتتر.

## پەیوەندی و داکۆکیکردن

- کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور لەگەڵ راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی پەیوەندی کرد بۆ پەرەپێدان بە پەیرەونامەیەکی گشتگیری نیشتمانی لەسەر بەرێوەبردنی مەلەفی چاکسازی لە عێراقدا، باشترکردنی دیالۆگ لەگەڵ هاوبەشەکاندا لەسەر خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی لە گرتوخانەدا و ئەنجامدانی وێرکشۆپ سەبارەت بە بەرێوەبردنی دامەزراوەی گرتوخانەکان و رێکارەکانی چاودێری.
- سێ مێزگرد لەسەر ستانداردە نیشتمانیەکان و نێودەوڵەتیەکان سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ دەستبەسەرکراوان سازدرا، بە هاوبەشی لەگەڵ دەزگا ئەمنیەکان و دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستاندا.
- ئەنجامدانی گفتوگۆی دەسپێشخەریانە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراقی و باڵیۆزخانەکان سەبارەت بە بارودۆخی چەکدارە بیانیەکان و منداڵانیان لە عێراق، بەردەوامی پێدرا. هەشت منداڵ گەڕێندرانەوە وڵاتی خۆیان لەلایەن کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوورەوە.



Avin Yasin/ICRC

# کەسە ونبوەکان و خێزانانیان

زۆر کەس لە جەنگەکاندا بێ سەروشوێن دەبن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئازار و نادڵنیایی بۆ خێزانەکانیان و هاوڕێیانیان. لە چوارچێوەی هەوڵە جیهانیەکانی دەزگای ناوەندی سۆراخکردن، -یەکێک لە کۆنترین دامەزراوەکانی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوورە کە چەسپێنراوە لە ڕێککەوتننامەکانی جنێڤدا-، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور هەوڵ دەدات پەیوەندیی نێوان ئەندامانی خێزانە دابڕاوەکان بگەڕێنێتەوە، بگەڕێت بەدووی کەسە ونبوەکان و شوناسیان دەستنیشان بکات، پارێزگاری بکات لە کەرامەتی مردوان، هەروەها دڵنیابێتەوە لەوەی کە پێداویستیەکانی خێزانەکانیان لە عێراقدا دابین دەکرێت.

نێردەی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور لەڕێی پەیوەندی ڕاستەوخۆ و یاوەریکردنی خێزانانی کەسە بێ سەروشوێنبوەکان ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکات، هەروەها لەڕێی پشتگیریکردنی لایەنەکانی پزیشکی دادوەری و دەسەڵاتدارانی دیکە و لایەنە پەیوەندارەکان. هەر لە پشتگیری ڕۆژانە بۆ ئۆپەراسیۆن تا پەرەپێدانی پەیڕەوکاریی و یاسایی، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور هەوڵ دەدات دڵنیابێت لەوەی پابەندبوونەکان بە یاسای مرۆیی نێونەتەوەیی جێ بەجێ دەکرێن، لەوانەش مافی خێزانان بۆ زانینی چارەنووس و جێوشوێنی ئازیزە ونبوەکانیان.

بەم هەستەوە، نێردەی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور لە عێراقدا لە نزیکەوە کاردەکات لەگەڵ نێردەی وڵاتانی دیکە و ئەندامانی بزوتنەوەی مانگی سوور/خاچی سوور لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق، بۆ ئەوەی وەڵامێکی هەمەلایەنە بەردەست بخات بۆ ژمارەیەکی بەرچاوی حاڵەتەکانی بێ سەروشوێن بوون کە لە ئەنجامی دەیان ساڵ لە ناکۆکی و توندوتیژی لە عێراقدا هاتونەتە ئاراوە. ئەمە سەرۆکایەتی کردنی لێژنە سێ قۆڵیەکانیش دەگرێتەوە بۆ ڕونکردنەوەی چارەنووس و جێوشوێنی ئەو کەسانەی کە لە میانی دوو جەنگی کەنداوی نێوان عێراق-ئێران و عێراق-کوەیت بێ سەروشوێن بوون.

## یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی ونبوان

- زیاتر لە **1,500** حاڵەتی نوێی ونبوون راپۆرتکران بۆ کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور لە عێراقدا. لە هەمان ماوەدا، چارەنووسی **343** کەیس یەکلایی کرانەوە. جگە لەوەش، **79** ئێسک و پروسکی مرۆیی، کە دەگەڕێنەوە بۆ کاتی جەنگەکانی کەنداو، لەلایەن دەسەڵاتی پزیشکی-دادوەریەوە شوناسکران، کە ئەم یەکلاییکردنەوانەش زۆر پێویست بوون بۆ کەسوکارانی کەسە ونبووەکان.

## پشتگیری دەسەڵاتەکان، پەیوەندی و داکۆکیکردن

- **320** کەس لە دەزگاکانی دەوڵەتەوە بەشداریان کرد لە **23** راهێنانی تایبەتمەند، کە توانا تەکنیکیەکانیان باشتر کرد بۆ چارەسەرکردنی کەیسەکانی کەسانی ونبوو و بەدەمەوەچوونی کاریگەرانە بۆ قوربانی کەوتنەوەی بەکۆمەڵ لە کاتی دۆخە فریاگوزاریەکاندا.
- بۆ دڵنیابوون لە کاریگەریی درێژخایەنی بەردەوام، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور هاوکاریەکانی لەگەڵ لایەنە سەرەکیەکانی پزیشکی دادوەری بەهێزکرد بۆ بەرزکردنەوەی توانستی عێراق بۆ سۆراخکردن و شوناسکردنی روفاتی کەسانی ونبوو.
- کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور هاوکاری تایبەتمەند و ئامۆژگاری تەکنیکی پێشکەش کرد بە دەسەڵاتە نیشتمانیە پەیوەندارەکان بە ئامانجی دامەزراندنی تۆمارێکی یەکگرتو بۆ هەموو کەسانی بێ سەروشوێن و بۆ ئاسانکاری کردن لە هەماهەنگی نێوان لایەنەکان.
- نوێنەرانی لایەنە پەیوەندارەکانی عێراق و لایەنەکانی پزیشکی دادوەری سەردانی کۆڵۆمبیایان کرد و لەگەڵ ئەو دەسەڵاتانەی کۆڵۆمبیا کۆبوونەوە کە کار لەسەر کەسانی بێ سەروشوێن دەکەن، ئەمەش بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموون و باشترین پراکتیزەکردن.
- کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور چەند پرۆژەیەکی ژێرخانی سەرەکی لە عێراق بە سەرکەوتویی تەواوکرد، لەوانەش نۆژەنکردنەوەی دوو گۆڕستان بۆ دەستەبەرکردنی مامەڵەی شکۆمەندانە لەگەڵ مردووەکاندا؛ نۆژەنکردنەوەی یەکەی پزیشکی دادوەری لە نەینەوا و بەشی کەسە بێ سەروشوێنەکان لە بەغدا بۆ باشترکردنی کارامەیی و دڵنیابوون لە رەچاوکردنی تایبەتمەندێتی، هەروەها فراوانکردنی کۆگای دامەزراوەی شەهیدان لە بەغدا بۆ پتەوکردنی ئاسایش و دەستوێڕاگەیشتن.
- **163** کۆمەڵە لە ئێسک و پروسکی مرۆیی هی کاتی جەنگی عێراق و ئێران لەژێر چاودێری کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سووردا ئاڵوگۆڕکران.
- کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور راهێنانی گشتگیری پێشکەش بە تیمە مەیدانیە هاوبەشەکان کرد کە سۆراخی ئەو کەسانەیان دەکرد کە بێ سەروشوێن بوون لە جەنگی ئێران-عێراق، ئەمەش چاودێری زەبر (ترەوما)ی پاش تەقینەوە، رێدۆزی جی پی ئێس GPS و شێوازەکانی پزیشکی دادوەری لەخۆگرت. بۆ باشترکردنی سەلامەتی و کاریگەری، کیتی فریاگوزاری سەرەتایی تاکەکەسی و کیتی زەبری پاش تەقینەوەش دابینکران.

## پشتگیری بۆ خێزانانی کەسە ونبووەکان

- **471** خێزان لە گشت ناوچەکانی وەک سەقڵاویە، باکوری بابل، سنجار، تەلەعفەر، ئەبوماریا و خانکێ، لەڕێی بەرنامەی یاوەریکردنی فرە پسپۆڕی سەربە کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور پشتگیریان وەرگرت، ئەمەش بۆ چارەسەرکردنی پێویستیەکانیان لەڕووی دەروونی کۆمەڵایەتی، ئابوری، یاسایی و کارگێڕیەوە.
- **70** یاوەر، لە نێوانیاندا خێزانانی کەسە ونبووەکان راهێنانیان پێکرا لە سەر دروستی دەروونی، بەرنامەکانی پشتگیری دەروونی کۆمەڵایەتی، پارێزگاریکردن، لایەنی یاسایی، پرۆسەکانی پزیشکی دادوەری، بۆ باشتر یارمەتیدانی خێزانەکان.
- **1,071** کەس سوودمەند بوون لە چالاکیەکانی دروستی عەقلی و تەندروستی دەروونی، کە جەلسە و راهێنانەکانی زانیاری پێدان/هەستیارکردنەوەیانی، لەخۆگرتبوو.
- **231** خێزان کۆمەکی ئابووری تایبەتمەندیان وەرگرت بۆ کەمکردنەوەی ئەو نەهامەتیانەی لە ئەنجامی دیارنەمانی ئازیزەکانیانەوە دروست بوبوون.
- **43** کەسوکاری کەسانی ونبوو، بەڵگەنامەکانی ناسنامەی نیشتمانی، بەیاننامەی مردن و پشتگیری سەرپەرشتیکردنیان وەرگرت بە پشتگیری سەندیکای پارێزەرانی عێراق و کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور. سەرەڕای ئەوەش، **379** داواکاری بەڵگەنامە هێشتا لە پرۆسەدان.
- بنکەیەکی لاوان لە باکوری بابل نۆژەنکرایەوە و دەستوێڕاگەیشتن تێیدا بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت باشترکرا، ئەمەش بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکان لەگەڵ خێزانانی کەسانی بێ سەروشوێندا.




Layth Ameen/ICRC

# لێقەوماوانی دۆخی تەنگەتاوی مرۆیی

پارێزگاریکردنی هاوڵاتیانی مەدەنی لە کاتی ناکۆکی چەکداریدا، لەوانەش گروپە لاواز و بەرگەنەگرەکان وەکو ژنان، منداڵان و ئاوارەکان کۆڵەکەی سەرەکی یاسای مرۆیی نێونەتەوەییە. بە هەمان شێوە، کارمەندانی چاودێری تەندروستی، کارمەندانی بەدەمەوەچوونی دەستبەجێ و کارمەندانی مرۆیی پێویستە پارێزراو بن و بتوانن بەبێ بوونی بەربەست کارەکانیان جێبەجێ بکەن لە هەموو کاتێکدا. وەک پەرەپێدەر و پارێزەری یاسای مرۆیی نێونەتەوەیی، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور هەوڵدەدات دڵنیابێت لەوەی کە وڵاتانی لایەن لە رێککەوتننامەکانی جنێڤ پابەندبن و رێزدەگرن لە رێککەوتننامەکانی جنێڤ لە هەموو بارودۆخێکدا.

بە درێژایی ساڵی 2024، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور بەردەوام بوو لە پەیوەندیەکانی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان و رۆڵگێڕە کاریگەرەکان لە سەرانسەری عێراقدا بۆ پێشخستنی رێزگرتن و پشتگیری لە یاسای مرۆیی نێونەتەوەیی. هەروەها کۆمیتە بەردەوام بوو لە پشتگیری کردنی گروپە بەرگەنەگرەکان، لەوانەش ئاوارە و گەڕاوەکان، هەروەها بەردەوامیدا بە پشتگیریەکەی بۆ دەسەڵاتداران بۆ چارەسەرکردنی دەرئەنجامەکانی ناکۆکی چەکداری لە ناوچە شارنشینەکاندا. هەروەها بە هاوکاریکردن لەگەڵ هاوبەشەکانی لە بزوتنەوە و لەگەڵ دەسەڵاتداراندا، ئامادەکاری و بەدەمەوەچوونی فریاگوزاری برەوپێدا، بە تایبەتی بە گرنگی پێدان بە کۆنترۆڵکردنی رووداوەکانی قوربانی لێکەوتنەوەی بەکۆمەڵ و بە شێوەیەکی فراوانتر لەسەر رێکخستنی گەیاندنی خزمەتگوزاریە فریاگوزاریەکانی چاودێری تەندروستی.

### پشتگیری چاودێری تەندروستی

- **هەشت** نەخۆشخانە پشتگیری کران بە دابین کردنی کەلوپەل وەک بەشێك لە چوارچێوەی ئامادەکاری فریاگوزاریدا.
- نزیکەی **386** کەس لە بواری فریاکەوتنی سەرەتایی و چاودێری فریاگوزاری پێش- نەخۆشخانە، راهێنانیان پێکرا.

### کۆمەکی فریاگوزاری و پشتگیری دوورمەودای بژێوی

- **144** خێزان کە کاریگەری ناکۆکیەکانیان کەوتبوە سەر، کۆمەکی فریاگوزاری داراییان وەرگرت، کە هاوکار بوو بۆیان بۆ کڕینی خۆراک، مسۆگەرکردنی شوێنی نیشتەجێی سەلامەتر و دابین کردنی پێداویستیە سەرەتاییە دەستبەجێکانیان. جگە لەوەش، **39** خێزان کە بەهۆی رووداوی کتوپڕی توندوتیژیەوە کاریگەریان کەوتبووە سەر، کۆمەکی پارەی نەختینەیان وەرگرت بۆ باشترکردنی توانای خۆڕاگریان و کەمکردنەوەی روبەروبونەوەی مەترسی زێدەتر.

هەروەها بە هاوکاری کۆمەڵگاکان و هاوبەشە ناوخۆییەکان، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور کاری کرد بۆ باشترکردنی بژێوی ئەو خێزانانەی کە بەهۆی ناکۆکی و توندوتیژییەوە کاریگەریان کەوتوەتەسەر، لە هەمان کاتدا سیستەم و خزمەتگوزاریەکانی پێویست بۆ ئەم خێزانانە بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی سەلامەت، بەهێزتر کران.

- **138** خێزان کۆمەکی نەختینەیان وەرگرت بۆ پشتگیریکردن لە چاندنی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان، کە ئەمەش بۆ هاندانی خۆگونجاندنیان بوو لەگەڵ شێوازەکانی کشتوکاڵی (کەشوهەوا-زیرەک)، لە نێوانیاندا باشترکردنی دەستوێڕاگەیشتن بە ئاودێری. لەنێو ئەم خێزانانەدا، **88** کەس بەشداریان کرد لە راهێنانی تایبەتمەند لەسەر پراکتیزە باشەکانی کشتوکاڵ، کە بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ ئەنجامدرا، و کە جەختیان خستبووە سەر تەکنیکەکانی کەشوهەوا-زیرەک.
- **746** خێزانی وابەستە بە ئاژەڵداری سوودمەند بوون لە کۆمەکی نەختینەیی بۆ کڕینی مەڕو ماڵات بۆ زاوزێ و بۆ دەستەبەرکردنی ئالیک تەنانەت لە ناوچە دوورەکانیشدا. بۆ باشترکردنی خزمەتگوزاریەکان کە لەلایەن هاوبەشە ناوخۆییەکانەوە دابینکراون بۆ ئەم ئاژەڵدارانە، حەوت کلینیکی ڤێتێرنەری لە سەرانسەری عێراقدا ئامێری پێویستیان بۆ دابینکرا بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاریە سەرەکیەکانی تەندروستی ئاژەڵان لە کۆمەڵگاکانی دەوروبەردا.
- **277** خێزان کۆمەکی نەختینەیان وەرگرت بۆ گەڕاندنەوەی توانای داهات بەدەستهێنانیان و دابینکردنی خۆراک بۆ خێزانەکانیان. هەر یەکێک لەو خێزانانە بەشداریان کرد لە راهێنانی بنەڕەتی تایبەت بە کارامەییەکانی بازرگانی بە مەبەستی باشترکردنی زانیاری دارایی، کە ئەمەش هاوکاریان دەبێت بۆ ئەوەی بتوانن بڕیاری بازرگانی هۆشیارانە بدەن و لایەنی داراییان بە شێوەیەکی کاریگەرتر بەڕێوەببەن.
- **446** خێزان کۆمەکی نەختینەیی فرەمەبەستیان وەرگرت وەک پشتگیری سەرەتایی، لەگەڵ کۆمەکی زێدەتر کە بۆ ساڵی 2025 پلانی بۆ دارێژراوە.

## دابینکردنی ئاو و پەرەپێدانی ژێرخان

- پرۆژەیەک بۆ دابینکردنی ئاو بۆ شاری تەلەعفەر پەرەی پێدرا، بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ئاوی نەینەوا.
- کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی پشتگیری کرا لەلایەن کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوورەوە بە دابینکردنی **1,800** کیتی پاکژی بۆ بەدەمەوەچوونی دەستبەجێ، هەروەها بە کڕین و بەخشینی یەکەیەکی گەڕۆکی دەڵاندنی پێچەوانە (reverse osmosis) کە هەڵگیراوە و ئامادەیە بۆ بەکارهێنانی لە کاتی تەنگەتاویدا.

## بەرنامەی پشتگیری چاودێری فریاگوزاری

- کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور **22** کۆبوونەوەی ئەنجامدا بۆ باشترکردن و بەهێزکردنی چاودێری فریاگوزاری لە عێراقدا، بە هەماهەنگی نزیک لەگەڵ بەرپرسی بەشی پزیشکی فریاگوزاری لە بەڕێوەبەرایەتی کردەی تەندروستی و خزمەتگوزاریەکانی پزیشکی فریاگوزاری کە سەر بە وەزارەتی تەندروستیە.
- کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاریەکانی پزیشکی لە وەزارەتی تەندروستی کرد لە رێکخستنی کۆبوونەوە گرنگەکان، لەوانەش کۆبونەوەی کۆمیتەی ئاراستەکەری پزیشکی فریاگوزاری، گروپی کاری فریاگوزاری سەر بە وەزارەتی تەندروستی، لێژنەی تەندروستی سەر بە پەرلەمان، گروپی کاری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاریە فریاگوزاریە پزیشکیەکان و کۆمیتەی باڵای ئاراستەکەری پزیشکی فریاگوزاری کە لەم ماوەیەدا دەستی بەکارکرد.

## پشتگیری گەڕاوەکان و هاوکاریکردن بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ژیانیان

- کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور پشتگیری پێشکەش کرد بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی خانوو بۆ **283** خێزانی گەڕاوە لە قەرەغول لەڕێی بەرنامەی گەڕانەوەی دوورمەودای سەربە کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور.
- کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور دەستوێڕاگەیشتنی بە دامەزراوەی پەروەردەییەکان باشتر کرد بۆ **360** خوێندکار لە باسمە، ئەمەش پاش ئاوەدانکردنەوەی خوێندنگەکە.

## پەیوەندی و داکۆکیکردن

- کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور **بەردەوام لە پەیوەندیدابوو** لەگەڵ هەڵگرانی چەک و رۆڵگێرە کاریگەرەکان لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ هاوڵاتیانی مەدەنی، بەرپاکردنی کردە جەنگیەکان، سەلامەتی کارمەندانی تەندروستی، جێبەجێکردنی یاسا، گەڕانەوەی شکۆمەندانە و چارەسەری دوورمەودا.

## پیسبوون بە چەک

- لەڕێی هۆشیارکردن لەسەر مەترسی و هەڵسوکەوتی سەلامەت، **8,990** کەسی نیشتەجێی ناوچە پیسبووەکان بە چەک، ئاگادار کرانەوە سەبارەت بە مەترسیەکان و هەڵسوکەوتی سەلامەت بۆ کەمکردنەوەی بێ دەسەڵاتیان.




Mike Khalaf/ICRC

# کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت

لە ساڵی 2024 دا، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور بەردەوامیدا بە کارەکانی بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە شێوەیەکی کاریگەر دەستیان دەگات بە خزمەتگوزاریەکانی بوژاندنەوەی جەستەیی بەردەوام و کوالێتی بەرز و بە ئامێرە یاریدەدەرەکان. بەدەر لە خزمەتگوزاریەکانی بوژاندنەوەی جەستەیی، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور هەروەها پشتگیری لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کرد لە بەرەوپێشبردنی لەخۆگرتنی کۆمەڵایەتی و ئابوری کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە کۆمەڵگاکانیاندا، ئەوەش لەرێی وەرزشی گونجاوکراو، پەروەردە و دەستپێشخەریەکانی خۆ بژێوی. هەروەها هەوڵیدا مەترسیەکانی پەیوەست بە پاشماوە تەقەمەنیەکانی جەنگ و مین کەم بکاتەوە و رێگریان لێبکات، ئەوەش لەرێی سیمیناری هۆشیارکردنەوە لەو کۆمەڵگایانەی مەترسیان لەسەرە.

## پشتگیری بۆ کاری بنکەکانی بوژاندنەوەی جەستەیی

- **13,795** ژن، پیاو و منداڵ سوودمەندبوون لە خزمەتگوزاریەکانی بنکە حکومیەکانی بوژاندنەوەی جەستەیی کە لەلایەن کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوورەوە پشتگیریان لێدەکرێت یان لەلایەن بنکەی هەولێر بۆ بوژاندنەوەی جەستەیی.
- **394** بەخێوکەری خێزان کە خاوەن پێداویستی تایبەت بوون لەلایەن بنکەکانی بوژاندنەوەی جەستەیی ڕەوانەکران و کۆمەکی نەختینەیان وەرگرت بۆ دەستپێکردنی بیزنسی بچوک. پێش وەرگرتنی کۆمەکی دارایی، **326** کەس لەمانە بەشداریان کرد لە ڕاهێنانی دەرەکیدا بۆ باشترکردنی زانیاری داراییان و وەرگرتنی زانیاری پێویست بۆ بڕیاردانی هۆشیارانەی بازرگانی.
- کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور پشتگیری دابینکرد بۆ کۆی **دوو** بنکەی بوژاندنەوەی جەستەیی حکومی و یەک بنکەی بوژاندنەوەی جەستەیی سەربە کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور لە هەولێر. بنکەی بوژاندنەوەی جەستەیی **سەدرئەلقەنات** لە بەغدا و **بنکەی بوژاندنەوەی جەستەیی ناسریە** کارەکانی نۆژەنکردنەوە و فراوانکردنیان بۆ ئەنجامدرا، کە هەردووکیان تەواو بوون و دەستیان بە کار کرد لە ماوەی ساڵی 2024 دا.
- کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور بنکەی بوژاندنەوەی جەستەیی لە ناسریە نۆژەنکردەوە، ئەمەش بریتی بوو لە فراوانکردنی بیناکە، زیادکردنی شوێنی ئەمبارکردن و هەروەها زیادکردنی سێ وێرکشۆپ، کە کۆی گشتیان بوو بە **حەوت** وێرکشۆپ. ئەم بنکەی بوژاندنەوەی جەستەییە بووەتە دامەزراوەی پێشوازی کردنی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان لە زیقار، کە خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات لە باشوری عێراقدا.

## ڕاهێنانەکان

- **30** تەکنیککار لە بنکەی بوژاندنەوە جەستەیی جودا لە سەرانسەری وڵاتدا بەردەوامن لە وەرگرتنی ڕاهێنان لەسەر پەلی دەستکرد و پاڵپشتی دەستکرد لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، وەک بەشێک لە پرۆگرامی بەکالۆریۆس کە بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور پەرەی پێدراوە. یەکەم گروپ، کە پێکهاتبوو لە **15** خوێندکار لە مانگی حوزەیرانی 2024 دا بە سەرکەوتوویی دەرچوون و بەشەکەیان تەواو کرد. بەرنامەی ڕاهێنانەکە لەلایەن کۆمەڵەی نێودەوڵەتی بۆ پەلی دەستکرد و پاڵپشت بڕوانامەی ڕێپێدانی وەرگرت بۆ دوو ساڵ، کە درێژکرایەوە تاکو هاوینی ساڵی 2026.

## پشتگیری دارایی

- **639** کەس پشتگیری داراییان وەرگرت بۆ دابینکردنی تێچووی گواستنەوە لە شوێنی خۆیانەوە بۆ بنکەکانی بوژاندنەوەی جەستەیی و پاشانیش گەڕانەوەیان.

## خاوەن پێداویستی تایبەت و لەخۆگرتنی کۆمەڵایەتی

- کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور پشتگیری لە **دووەم پاڵەوانێتی تۆپی پێی پەل براوەکانی عێراقی** کرد و ڕێکیخست لە بەغدا، بە بەشداری کردنی **پێنج** تیپ کە پێکهاتبوون لە **85** یاریزان لە پارێزگا جیاجیاکانەوە، ئەمەش وەک بەشێک لە بەرنامەی لەخۆگرتنی کۆمەڵایەتی.
- کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور هەڵسەنگاندنی بازاڕی لە موسڵ ئەنجامدا بۆ پێشخستنی لەخۆگرتنی ئابوری و بوژاندنەوە بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت. ئەم دەستپێشخەریە ئامانجیەتی باشتر لەو بەربەستانە تێبگات کە ڕوبەڕوویان دەبێتەوە لە دەستوێڕاگەیشتن بە دامەزراندن، بازرگانی و پەروەردە.

## کەمکردنەوەی کاریگەری پیسبوون بە چەک

- نزیکەی **6,000** کەس لە کۆمەڵگە مەترسی لەسەرەکان یان زیانپێکەوتوەکان پشتگیری کران لەڕێی دانیشتنی ڕوبەڕووی هۆشیارکردنەوە لە مەترسی و ڕەفتارکردنی سەلامەت.
- زیاتر لە **230** کارمەندی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور و بزوتنەوەی مانگی سوور/خاچی سوور لە بواری مەترسیەکانی پیسبوون بە چەک و تەقەمەنی، ڕاهێنانیان پێکرا.



Malavika Subba/ICRC

# هەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی

لە ساڵی 2024 دا، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور بەردەوام بوو لە هەماهەنگیەکانی لەگەڵ کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقیدا، بۆ پێشکەشکردنی بەدەمەوەچوونی مرۆیی بەرزەفت و کاریگەر بۆ پێویستیە سەرەکیەکان لە عێراقدا. جەخت کردن لەسەر باشترکردنی هەماهەنگی بوو لەگەڵ بزوتنەوە هاوبەشەکانی دیکە بۆ ئامادەکاری بۆ بارودۆخە فریاگوزاریەکان و بەهێزکردنی بەدەمەوەچوونە بەرنامەییەکان لە بواری جودادا، وەک کەمکردنەوەی مەترسی کارەسات، فریاگوزاری، تەندروستی، دەستوێڕاگەیشتن بە ئاو، یەکگرتنەوەی خێزانەکان و گۆڕانی کەشوهەوا. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور پەرەی بە پێشکەوتنی کۆمەڵەی نیشتمانیدا لە بەهێزکردنی توانستی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی بۆ ئەنجامدانی کاری مرۆیی بەرزەفت و سەلامەت؛ هەروەها بۆ پتەوکردنی بەردەوامیدان بە ئۆپەراسیۆنە سەرەکیەکانی.

## هاوبەشیکردن بۆ کردەی مرۆیی

- لە ساڵی 2024دا، **نۆ** ڕێکەوتنی هەماهەنگی ئۆپەراسیۆنی لەگەڵ کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی واژۆکرا لە بوارەکانی هەماهەنگی، لەوانەش دەستوێڕاگەیشتنی سەلامەتتر، بەرەودان بە کۆمەڵەی نیشتمانی، چاودێری تەندروستی لە مەترسیدا، تەندروستی، ئاو و نیشتەجێبوون، دڵنیایی ئابوری، پارێزگاریکردن لە پەیوەندیە خێزانیەکان، پەیوەندیەکان و پیسبوون بە چەک.
- بۆ پێشخستنی ڕۆڵی خۆبەخشەکانی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی و دانپێدانان بە هەوڵەکانیاندا، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور پشتگیری لە کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی کرد لە یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی خۆبەخشاندا بە مەراسیمێکی گەورە لە بارەگای سەرەکی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی و لە مەیداندا.
- **1,829** بەڵگەنامە دابینکرا بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی، کە گەواهیدەر بوون بۆ دەستبەسەرکردنی دیلەکانی پێشووی جەنگ، یان ئەوانەی لە میانی ناکۆکیە چەکداریەکانی رابردودا گیرابوون و لەلایەن کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوورەوە لە گرتوخانەکاندا بینرابوون.

## خزمەتگوزاریەکانی چاودێری تەندروستی، ئاو و نیشتەجێبوون

- کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور هاوکاری کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی کرد لە گەیاندنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکانی بە پشتگیریکردنی **دە** کلینیکی گەڕۆک کە لە سەرانسەری **حەوت** پارێزگادا بەشێوەیەکی کاریگەر بەرکاربوون، بۆ بەدەمەوەچوون لە کاتی لافاودا و لە دۆخی فریاگوزاری لە کاتی گردبوونەوەکان و لە ئاوارەبووندا. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور تیمەکانی بەدەمەوەچوونی فریاگوزاری کۆمەڵگای لە ناسریە دامەزراند، و ڕاهێنانی کرد بە **39 خۆبەخشی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی** کە ئەوانیش **110** ڕاهێنانی هەستیارکردنیان لەسەر ڕوداوەکانی قوربانی بە کۆمەڵ بۆ کۆمەڵگە ناوخۆییەکان ئەنجامدا.

- بە پشتگیری کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور، کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی **12,707** راوێژکاری پزیشکی بێبەرامبەری ئەنجامدا.
- **چوار** یەکەی نوێی پاکژکردنەوەی ئاو کە بە وزەی خۆر و سیستەمی دەڵاندن کاردەکەن، دانران، کە ئاوی خواردنەوە بۆ **6,300** دانیشتوانی پارێزگاکانی دیوانیە، موسەنا و میسان دابین دەکەن.
- **سێ** گوند لە پارێزگاکانی زیقار، واست و بابل سوودمەندبوون لە باشترکردنی پرۆژەی دابینکردنی ئاو کە بە وزەی خۆر کار دەکەن، کە ئەمەش سوود دەگەیەنێت بە **5,400** دانیشتوان.
- بە هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی و خاچی سووری نەرویجی، **50** جەلسە ئەنجامدران بۆ **1,007** کارمەندی تەندروستی سەبارەت بە بەڕێوەبردنی هەڵسوکەوتی کینەدار لە نەخۆشخانەکاندا. لەگەڵ ئەوەشدا، **77** جەلسەی وشیارکردنەوە سازدرا کە تێیدا جەخت خرایە سەر کاریگەریە زیانبەخشەکانی هێرشکردنە سەر کارمەندان و دامەزراوەکانی چاودێری تەندروستی، هەروەها گرنگی دڵنیابوون لە دەستوێڕاگەیشتنی سەلامەت بە خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی، لە **پێنج** شوێن، کە تیایاندا **1,068** ئەندامی کۆمەڵگا بەشداربوون.
- بە هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی، **48** جەلسەی ئاشنایی لەسەر توندوتیژی جێندەری لە چەند کۆمەڵگەیەکی هەڵبژێردراودا ئەنجامدران، کە تیایاندا **3,006** کەسی سوودمەند لە **شەش** پارێزگادا بەشداربوون.

## پشتگیری ژێرخان

- لقی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی لە بابل بە سیستەمی وزەی خۆر بە توانای **65 کیلۆوات** نوێکرایەوە. قۆناغی یەکەمی دابینکردنی پێکهاتەکان لە ساڵی 2024 دا تەواو بوو، لەگەڵ پلاندانان بۆ دابەستن لە ساڵی 2025 دا. سەرەڕای ئەوەش، **13 لقی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی لە کۆی 18 لق** بە هاوبەشی هەڵسەنگێندران بۆ دیاریکردنی پێویستیە لەپێشینە و بەپەلەکانیان.

## بەدەمەوەچوونی فریاگوزاری

- کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور **وێستگەیەکی گەڕۆکی بۆ چارەسەری (خوێ گرتن)ی** بە هەموو پارچەکانیەوە بەخشی بە کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی بۆ بەدەمەوەچوونی فریاگوزاری.
- بۆ باشترکردنی پلاندانانی پێشهاتەکان و بەدەمەوەچوونی فریاگوزاری لەلایەن کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقیەوە، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور، پشتگیری دارایی پێشکەش کرد بۆ دابینکردنی **12,250** بەشە خۆراک، **1,800** کیتی پاکوخاوێنی و **5,294** پەتوو. ئەم هاوکاریە وایکرد کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی بتوانێت پشتگیری **5,500** خێزان بکات بۆ دابینکردنی پێویستیە بەپەلەکانیان.
- وەک بەشێک لە دەستپێشخەری پەرەپێدانی لقەکانی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی، **پێنج** لقیان سێتی خۆپارێزیان بۆ دابینکرا بۆ پشتگیریکردن لە کردەی تیمەکانی بەدەمەوەچوونی فریاگوزاریی سەر بەکۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی لە مەیداندا.
- کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور پشتگیری کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی کرد لە ڕێکخستنی **وێرکشۆپێک** بۆ داڕشتنی پلان بۆ پێشهاتەکان لەلایەن کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقیەوە، ئەمەش بە بەشداری کردنی هەموو هاوبەشەکانی بزووتنەوەکە لە عێراقدا.

## تواناسازی

- 20 کارمەند و خۆبەخشی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی راهێنانیان پێکرا لەسەر ڕێکارە ستانداردەکانی کارکردن بۆ گەڕاندنەوەی پەیوەندیە خێزانیەکان و بەدەمەوەچوونی فریاگوزاری. لەگەڵ ئەوەشدا، 35 کەس لە کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی بەشداریان کرد لە دوو وێرکشۆپ لەسەر بەدەمەوەچوون بۆ پێویستی گەڕاندنەوەی پەیوەندیە خێزانیەکان لە بۆنە ئاینیەکاندا.
- 23 کارمەند و خۆبەخشی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی راهێنانیان پێکرا لەسەر بەدەمەوەچوونی فریاگوزاری و گۆڕانی کەشوهەوا.
- 18 خۆبەخشی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی بەشداربوون لە چالاکیە جۆراوجۆرەکانی بواری بژێوی لەلایەن کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوورەوە، لەمیانیاندا لە بواری کۆکردنەوەی زانیاری، راهێنانی کارامەیی بازرگانی و چاودێریکردن، بەمەبەستی پشتگیریکردنی ئەو پرۆژانەی کە ئامانجیان بریتی بوون لە باشترکردنی بژێوی خێزانە بەرگەنەگرەکان لە سەرانسەری عێراقدا.
- چەند راهێنانێک بەمەبەستی بەهێزکردنی تواناکان لەسەر کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر قوربانیان بۆ 25 خۆبەخشی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی لە سەلاحەددین، نەینەوا و کەرکوک ئەنجامدران؛ راهێنانی راهێنەران لە بواری هوشیاری لەمەڕ مەترسیەکان و هەڵسوکەوتی سەلامەت بۆ 18 رابەری تیمی سەر بە چوار لق ئەنجامدرا ؛ هەروەها راهێنانی بەڕێوەبردنی پرۆژە بۆ چوار بەشداربوو لە بارەگای سەرەکی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی لە بەغدا، ئەنجامدرا.
- کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور پشتگیری کرد لە راهێنانی راهێنەران لەبواری چاودێری تەندروستی لە مەترسیدا بۆ 10 کارمەند و خۆبەخشی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی، ئەمەش وایکرد بتوانن کارامەیی پێویست بەدەست بهێنن بۆ جێبەجێ کردنی چالاکیەکان لە بواری تەندروستی لە مەترسیدا لە پارێزگاکانی خۆیاندا.
- **چوار** کتێبخانەی بچوک/یەکەی رەفە لەگەڵ کۆمپیوتەر دابەستران لە بارەگای سەرەکی و سێ لقی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی بەمەبەستی پێشخستنی خۆفێرکردن سەبارەت بە بزووتنەوەکە.

# فەراهەمکردنی ژینگەی لەبار بۆ کارکردن

## دەستوێڕاگەیشتن و قبوڵکردن

کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور بەردەوامیدا بە پەیوەندیەکانی لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندارەکان بۆ دڵنیابوون لە دەستوێڕاگەیشتنی بێ بەربەست بە لاوازترین دانیشتوانان لە عێراقدا. لە ساڵی شەشەمی کارکردنیدا، ناوەندی پەیوەندییەکانی کۆمەڵگای سەر بە کۆمیتە بەردەوام بوو لە کارکردن وەک یەکەمین هێڵی پەیوەندی بۆ هاوڵاتیان، ئەمەش وایکردوە کە ئەو کەسانەی کاریگەریەکانیان کەوتۆتە سەر بتوانن پرسیارەکانیان، داواکاریەکانیان و سکاڵاکانیان بخەنەڕوو. لە هەمان کاتدا ناوەندەکە زانیاری سەبارەت بە چالاکیەکانی کۆمیتە و پێودانگەکانی هەڵبژاردن بۆ پرۆگرامەکان، دابین کرد و بەدواچوونی کرد بۆ هەندێ لە بار و داخوازیەکان.

### پەیوەندی کردن و دیالۆگ

- گەیشتن و پەیوەندیکردن لەرێی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیەوە، بە زیاتر لە **621,000** هەوادار یان بەشداربوو لە پلاتفۆرمە سەرەکیەکانی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور.
- زیاتر لە **50** کۆبوونەوە لەسەر ئاستی باڵا لەگەڵ دەسەڵاتە سەربازیەکان یان ئەمنیەکان سازدرا.
- زیاتر لە **40** جەلسەی راهێنان بۆ هێزە چەکدارەکان و ئەمنیەکان ئەنجامدرا بە بەشداربوونی وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی ناوخۆ.
- **پێنج** کەس لە هاوبەشان لە هێزە چەکدار و ئەمنیەکان لەلایەن کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوورەوە رەوانەی دەرەوەی وڵات کران بە مەبەستی راهێنان و پەرەپێدانیان.

### سەرنج و بۆچوونی کۆمەڵگا

- زیاتر لە **16,355** پەیوەندی وەرگیراوە لەلایەن ناوەندی پەیوەندیەکانی کۆمەڵگای سەربە کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوورەوە – ئەمەش پرسیارەکان لەلایەن خێزانانی کەسانی بێ سەروشوێن و دەستبەسەرکراو دەگرێتەوە، هەروەها داواکاریەکان بۆ وەرگرتن لە نێو بەرنامەکانی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور و سکاڵاکردن دژی پێودانگەکانی هەڵبژاردن.
- نزیکەی **2,453** پرسیار و داواکاری لە کەسانی زیانلێکەوتوو وەرگیران لەلایەن ناوەندی پەیوەندیەکانی کۆمەڵگاوە، پاشانیش پرۆسەکران و چارەسەرکران.



Avin Yasin/ICRC



Mike Khalaf/ICRC

کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور لە سەرانسەری جیهاندا یارمەتی ئەو کەسانە دەدات کە دەکەونە ژێر کاریگەری ناکۆکی چەکداری و جۆرەکانی دیکەی توندوتیژی و هەموو کارێك لە توانایدا دەکات بۆ پارێزگاری کردنی کەرامەتیان و کەمکردنەوەی ئازارەکانیان، زۆربەی کاتیش بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵە نیشتمانیەکانی خاچی سوور و مانگی سووردا. هەروەها رێکخراوەکە هەوڵدەدات بەر لە ئازار و مەینەتی بگرێت لە رێی برەوپێدان و پتەوکردنی یاسای مرۆیی نێونەتەوەیی و بەرز راگرتنی پرەنسیپە مرۆییە جیهانیەکان.


www.icrc.org/iq
facebook.com/icrciq
x.com/icrc__iq
instagram.com/icrc__iraq

**کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور لە عێراق**

سندوقی پۆستە 3317 نوسینگەی پۆستەی (العلويه)
بەغداد - عێراق
تەلەفۆن 4614/5 196 780 964+
تەلەفۆن 22222 800 (بێبەرامبەر)



© کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور - نیسان 2025.


ICRC


2025.2434/264 04.2024 500 Mike Khalaf/ICRC :وێنەی بەرگ